



# گیانبازی

عەبوو ڕاوەند

کتێبی ژنەفتن

١٩

# گیانبازی

عەبوو ڕاوەند

# گیانبازی

عەبوو ڕاوەند

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: گیانبازی
نووسینی: عەبوو ڕاوەند
بابەت: شیعر
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، شوباتی ٢٠٢٣
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٩٩ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

عەبوو ڕاوەند

خۆشەویسم چما ئەمهێنیتەوە سەر کێشی شێعر، پێت وایە کچان گەر لە شـــێعرا نەبن ســـەرنجڕاکێش و دڵدار نین. ئاگاداریت من ئەبمە گۆڕی تۆ، وەها کە بوومەتە گۆڕی خۆم. کێلی وشەکانم شکاون و لە شێعردا نەبێت من نە تۆ ئەناسمەوە نە ژیان.

لە تەواوی ئەم ماوەدا کە شێعرێکم نەنووسیوە

دوو شێعرم نووسیوە

دوو ماوە

بە دوو دەستم

بە دەســـتێکم ڕامینی حســـەین پەنایی و بەو دەســـتەکەم هیدایەتی عەبدوڵلاپوور

تا ئەگەر ئەو شێعرەکەم شێعرێکی سیاسی بووبێت

ئەمەم دوو شێعری سیاسی بێت

تۆ بە کام دەستم بنووسم

لە کام ماوەدا بتنووسم

خۆشـــــەویســـــم بەهـارە و با" دۆڕاوە و فیز بە ئاڵاکانی
دەستییەوە ئەکات

وەهـا کە کورد فیز بە یەکەم بـارانی پـاییزییەوە ئەکـات،
عاشقان

شوێنێک بۆ پەڵە و پیاسە لە هیچ شێعرێکدا نەماوەتۆ

کاتێک ڕۆشنبیرەکان پێیان وایە سپاس وشەیەکی سیاسییە
و

نووســـەرەکان درەنگوەخت دێنە فەیســبووک و پێیان وایە
هەموو ئەرکەکانی شەویان ڕایی کردووە

ســـیاســـییەکان ســـەخین و تەعارفی کوردبوون ئەکەنە
لوڕســـــتان، وەهـا کە من تەعـارفی مـاچ و دڵداری ئەکەمە
تەواوی کچانی دنیا

تەسکە، بەڵام گەر توانیت ماچ لە هەوڵێکدا جێ بکەرۆ
لە تەسکێکدا

هەرچەن هەرچی شوێن و مخابنە ماسیوە

پێشـــتریش وتوومە تاریکە زمان کە شـــێعر دەســـەڵاتی

بەســـەر چەمکەکانی خۆیا ناشـــکێ یا پەلاماری وشـــەیەک

بگرێت کە تێیدا هەتاو نەبێت

ماندووم بە کام بار و بەهارتا بکەوێ

یا هەناسەم بە کام ڕووا

تا ما/قووڵ/تر بحەسێتەوە لەم شێعرەدا

ئەم شێعرە کە مان/دووی دووپاتە و

کە ڕائەکشـــێی زمان لە مندا خەون بە واتاکانی خۆیەوە

ئەبینێ

شەیتانی بە هیلاکییەکانی خۆیەوە ئەبێ

نانووســـم، وشـــەکان تەنیا لە دەمی منداڵانەوە تازەن بۆ

بیستن

چەن گەرمە نان گەر لە دەمی ئەوانەوە بیبیستی

دواتر چ کەم پیتە

نووسین فەتیرە ئەکات دێڕەکان

خوشەویست ناخڵەتێت منداڵیم گەر تۆ ئێستا نوقڵیش بیت

مناڵیم کە ئێلیۆت بەسەر سەلوێنکەکانەوە دۆزییەوە

ئێلیۆت کە ئەڵێت "خاکەلێوە لە بێبەزەییترین مانگەکانە کە

لە گڵی مردوو لێوە ئەڕوێنێت"

تۆش لە بێبەزەییترین کچەکانی کە لە منی مردووا عەشق

ئەڕوێنیت

ئێلیۆت ئەو باگژەس کە لە لۆلاق و چوارچێوە و سەر و

ژێری درگاکەمانەوە ئەهاتە ژوور

سەرماس سەرما

سەرمای ئێسکەکانم

ئێسکەکانم کە چەن کوڵۆ سەهۆڵن و لە کاتی مەرگا

ئەتوێنەوە

کاتی مەرگ

ڕوخسار و ڕوانینی مەرگ کە لە ڕوخسار و ڕوانینەکانی

منا گرساوە

خۆشەویسم تۆ هەر کوێی ئەم شێعرە بڕوانی تەماشایەکی تیایە

تەماشایەکی مردوو

تەماشـــایە کە لە وشـــەوە ئەڕوانێ و تاوانی شـــاعیرێکی ئەنقەستە

تا ئەوپەڕی بینینی، تێگەیشتنێکت بزر بێ، هیچ هەوڵێک لەم شـــێعرەدا مەدۆزەرۆ، بڕۆ و مەیخوێنەرۆ، هەموو ئەوانەی تاقە کتێبێکیشیان خوێندۆتەوە دوژمنی خوێنی منن. ئازیزم دوژمنەکانی من زۆرن. جگە لە چەن ناو و ڕووداوێک هیچ شـــتێکی ئەم نووســـراوە کوردی نییە و ئەگەر ئەتوانی لە زمانی ڕووسییەوە بیخوێنەوە.

گەر شەڕیشت کرد ئەتوانی بە چەکی ڕووسییەوە بیکەی هیـدایەتی عەبـدوولّلاپوور پیش ئەوەی چەکـدار بکرێ بە چەکی ئامریکایی و دواتر بە چەکی عەرەبســـتانی و نێوی عەرەبستانییەوە شەڕی کرد و کوژرا

ڕامینی حســـــەین پەنــایی بە چەکی بریتــانی و نــاوی فارسییەوە شەڕی کرد و کوژرا

بەڵام هاوخەمەکانی حەزیان ئەکرد و ئەیانویســـــت بێژن

ڕامین چەکی ڕووســی پێ بووە و شــەڕی پێ نەکردووە و کوژراوە

ڕامین کە مرد ناوە فارسـییەکەشـی کردە ناوێکی مردووی کوردی

تکــایە کردت بە چەکی ڕووســــــییەوە بیکە، بە نــاوی ڕووسییەوە بیکە

ئەگەر مردی بە چەکی ڕووسییەوە بمری سەربەرزترە، بە ناوی ڕووسییەوە بمری نەمرترە

وەک من مەبە کە هەر وڵاتێکی بەخشـــــەندە چەکی دامێ شـــــەڕی پێوە ئەکەم. شـــــەڕێکی بەخشـــــەندە، چەکێکی بەخشەندە

وەک من مەبە کە هەر شــاعیرێکی بەخشــەندە شــێعرێکی
دایتێ بیخوێنیەوە
خوێن کە ئامیانی شـــێعرە و لە هەر زمانێکدا بگرســـێ
ئەیکاتە زمانی کوردی
فیشـەک کە لە هەر جەسـتەیەک بدات ئەیکاتە جەسـتەیەکی
کوژراوی کوردی
کە تەواوی شێعرەکانی دنیا بۆ ڕژانی خوێنی تۆ کوردی و
تەواوی گوللەکانیش لە بوغزی من کوردکوژ
کورد کە وەک لاکێکی بۆگەن بۆی دێ لە دەممدا
گەر وشـــەیەکت دەســـکەوت بە جێی ئەم کوردە لە دەممدا
دایبنێ
لە هەر ئەندامێکما کوردت دی دایبنێ
لە وەڕزما

خۆشـــەویســـم یەکەم دەلالّی دلّداریی من و تۆ، لەیلا قاســـم بوو

لەیلا قاسم کە تا پێش ئەو، هەموو ژنانی کورد پیاو بوون

ئەو بوو کە قسەکانی تۆی بۆ من ئەهانی

قسەکانی خۆت لای کەس مەدرکێنە

نەکا گویچکەیەکت لیَ یاخی بێت. زمان ئامانە و دەســـــت ئامان و قاچ ئامانە. ئاگاداری ئەندامەکانی خۆت بە، نەکا وەک من لە خۆت مرۆڤێکی بێزمان و بێدەســــت و بێقاچ بدۆزییەوە. شـــــایەت یەکەمجار بتوانی ئیرەیی ببەی بە پیاوێک کە بتوانێ بگری، دووهەم جار گاڵتەی پێ ئەکەی

شایەت یەکەمجار بتوانی ئیرەیی ببەی بە پیاوێکی بێدەم و زوان و بێدەست و لاق و هێشتاش زینوو بێت

دووهەم جار بەزەییت پێیدا دێتەوە

جگە لە کڵاوی ئەم کوردە بە کڵاوی هەر زمانێ گەشـــــتی دەستی پێوە بگرە

که سەرەتای ئامانجی ئەم "با" کوردێک بووە بێ کڵاو

خۆشـــەویســـم ســـەرنج بدە چاوەکانی من لە چاوی ماری کوژراو ئەچن

چاوی ماری کوژراو کە هەستەکەی بە کوژراویش ئەبینێت

ڕێک وەک چاوەکانی من کە بە کوێریش ئەبینن

سەرەتا وەک هەوڵێک بۆ زەوی دیتتم

وەک هەوڵێک بۆ بەهار

تا دواتر سەرەنجام تەرمی هۆکارێک بوو

بەهار کە منداڵی وەرزەکانە و پیرەزای تەمەنی عاســـیی زەوی

وەک من کە لە باوکێکی مردوو لەدایک بووم

کوردیش وەها ناوێکی مردووە

وەک پیاوێکی زینوو کە بە ناسنامەی برایەکی مردوویەوە بژی و بانگ بکرێ

وتمەوە کورد، تا ئەوانەی چەکیان پێ نەداوین پێمان بدەن

خۆشـەویسـم من عاشـقی ئەوەم کە هەموو دنیا بۆ مردنم بڕوانێ، بۆ فرمێسـکم بڕوانێ، عاشـقی ئەوەم هەموو دنیا چەکم بداتێ

ئێمە وەهـاین مەرگی هەموو دنیـا بە قونتەرات ئەگرین و پێش وادەی دیاریکراوی ئەمرین

خۆشەویسم دڵتەنگ مەبە ئەم شێعرەم لە پاییزدا نووسیوە ئەنا ناوی تۆم زیاتر تیا ئەهێنا، پاییز هیچ ناوێکی تیا نییە، لە پـاییزدا بە هەر نـاوێکەوە بـانگیـان کردی جواب بەوە.

پاییز کە لە کووچەیەکی سارد و چۆڵی درێژ ئەچێت کووچەیەکی ناوەخت

کە دەشـــتی هەولێر بێ ئەوەی کەســـی تیـا دیبێـت لە ڕێبوارەکانی ئەپرسێت کوو دەچیت

بەشــکوو کۆلانێک لە ناختا بســڵەمێتەوە و ســەرت وەک عەیبێک شۆڕ بێتەوە

عەیب کە وشــەیەکی کوێرە و بەرپێی هیچ ڕســتە و واتا و تانەیەک نابینێت

لێت ئەپرسێت کوو دەچیت

وەرزەکانت لێ نەگۆڕێت نەکا وەک من لەگەڵ خوێندکارێکی کوردی ڕیفۆرمخوازدا ڕووبەڕوو بیتەوە و تووڕە بیت و بڵێی تاران ئەگەر قوونی هەس لە قوونی تاران بم

لێت تێک نەچێت پاییز لە نوسخەی دوکتورەکان ئەچێت کە نەخۆشەکان بۆیان ناخوێنرێتەوە

وەها کە ئەگەر ئەم شــێعرە ناوی تۆشـــی تیا بێت بۆت ناخوێنرێتەوە

هاوین وەک من لە واژۆی کوردێکی تۆزێک خوێنەوار و زستان کولۆیەک کاتی بەستەڵەکی نەتواوەیە و نە سەعات و نە چرکەی هەیە

بگری، ئەو وشـــانەی ئەتوانی لە زمانی کوردیا پێی بگریت

زۆرن

ئەو وشـــــانەش کە ئەتوانی تفیان کەیتەوە، نەکا وەک من

وشەیەک تا ساڵێک تامی بیرکردنەوەکانت تاڵ بکات

وشەکان میوەن لە بەردەمت دایئەنێن

تامەکانت لێ نەگۆڕێت و جنێو بە ئابا و ئەژدادی ڕەنگی

دەفرەکان بە

وەک من کە عاشقی ئەوەم مردووەکان بگێم

بە تۆ هیچ کەســـێکی ترم نەوتووە ئێواران لە وێنەی قاپ

گیراوی مردوویەک ئەچم، مردوویەک کە تاقە ئەو وێنەی

هەبێت

بە تۆ هیچ کەســـێکی ترم نەوتووە ئەو وێنانە کە چەندە

تیایاندا ئامادەی مردنم

وێنەکان هەرکە کێشران بەشێک لە تۆ ئەمرێنن

ئەم هەوا کە هەناسەی پێ ئەدەم ئەندامێ لە ناخما کە نایزانم ئەبڕێ

نە قاتڵەکەی خۆم ئەناسمەوە نە برین و ئەندامەکانی خۆم

لە سەر کار کە ئەگەڕێمەوە قامکەکانم کوژراون و من بە دەستی مردوویەک نان ئەخۆم

ئاگاداری دەستەکانی خۆت بە

کە هیچ متمانەیەک بە دەستی خۆت نابێت

من مردووم، وەک ڕامین و هیدایەت کە پێش ئەوەی بکوژرێن، مردبوون

وەک کۆتاییی ئەم وەرزی بەهارە کە هاوین داگیری کردووە و تێیدا ئەژی

وەک ئەم شێعرە کە تەنیا بە ناو شێعرە و

هەر مردوویەک ئاماژەیەکی پێویستە تا بێتە ناویەوە

ئاماژەیەکی مردوو

هەر مردوویەک دێڕێکی پێویستە تا بێتە ناویەوە

چاوەڕوان مەبە قامکێکی مردوو نەرمی کام وشـــــەی بۆ ئەگووشــــرێ، قامکێکی مردوو کام پاروو بۆ کام ژیان و زینوویەتی بهاوێ، کام چاوڕوانی

وەها تۆم دۆزیەوە وەک چرکەیەکی لێشــواو کە لە کات و زەمەن و مێژوو جیا بووبێتەوە و نەزانێ کەی ڕووی داوە
چرکەیەکی لاسار کە پێڵاوی پاییزی لە پێدایە و
فڕەکەی بە تف لابداتەوە و
کەف کەوتبێتە لا دەمی چیرۆکەکانی
ئەژیم وەکوو شــــێتێک کە لە مرۆڤبوونی خۆی هـاتبێتە دەرەوە و نەزانێ لە کوێیەوە ئینسانە
وەک شێتێک کە نە ژیان بۆ گرنگ ئەکات و نە مەرگ
بە کورتی گرنگ وشــەیەکە زمان ســاکارانە لە دەمدا تلی ئەدا
بەختەوەرەکان زۆری تل ئەدەن

به پێڵاوی پاییز و پاڵتۆی زسـانەوە، ئـاوێتەیەکم لە وەرزەکان، لە چرکەکان

دەمم پڕە لە وشەی نوقسان و پسک و پیت و خاڵ پەڕیو

گرنگ ئەگەر بشـبێت لای من وشـەیەکە نە باکوور و باشوور، نە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەیە

یا ئەگەر چما قیبلە لە ئەستەم و ماندوو بپرسێ

موختارە چما خۆی بە کام قیبلا ئەحەوێتەوە

لە کام دەم و زمانا زیاتر

تۆش وەها موختاری بۆ حەسـانەوە و دانیشـتن کە هەر سێبەرێک دابنیشی پیاوە

هەر قیبلەیەک

خۆشـەویسـم زوو زوو بڕیارەکانی خۆم ئەگۆڕم و بەڵێنەکانم بۆ نابرێتە سەر

زوو زوو هاوڕێکانم ئەگۆڕم

گومانەکانم تا دێ زیاتر ئەبن

وا هەستەکەم خەڵکی بە چاوی ڕق و بەزەییەوە لێم ئەڕوانن

ناتوانم لەسەر قسەکانی خۆم بوەستم و لە فرەوێژییەکانم پشیمان

لە شرۆڤە سیاسییەکانم

ژیان چۆکی پێداداوم و بەو حاڵشەوە بە خۆمەوە سەربەرزم

ئەگەر سروشت بە شاخەکانی خۆیەوە سەربەرز بێت

من تەنیا بە خۆمەوە سەربەرزم

خۆشەویسم شارەزای هیچ پیشەیەک نیم

زۆریانم تاقی کردۆتەوە و تێیدا سەرکەوتوو نەبووم

چەندین کاریان پێ پێشنیار کردووم لە چەندین شاری دوور و نزیک

پێش ئەوەی چووبێتم بیرم لێکردۆتۆ و ترس دایگرتووم،

من لە کار ئەترسـم، هەمووان بە بێ پووڵی من ئەزانن،

تۆش ئەزانیت

ئەوەی کەوا ڕۆژانە تنۆکێ ئارەقی پێدا نەچۆڕابێت

من بە سـەرمایەداری ئەزانم، ئەگەر قەرانیشـی لە گیرفانا

نەبێت

بە شیعرەکانی من هەڵمەخڵەتێ تەنانەت وشـەش لە قوونی

سۆفی قەرز ئەکەم

ئەوەی کەوا هەوڵی گۆڕینی دۆخی ژیـانم ئەدا بە نهێنی

سووکایەتیم پێ ئەکات

ئەوەی کە بە تاوانبار و تەمبەڵم ئەزانێ بە خائنی ئەزانم

چەندین جار پووڵم بەدەسـت هێناوە و پێشـیەوە بای هەوا

بووم

بە پووڵێکی کەمەوە

لەو كـاتـانەدا زيـاتر پێكەنيوم، ويســــــتوومە خەڵك زۆرتر

تاوانبار بكەم

زۆر شــــــت ڕووی داوە لە ژيانمدا كە گێڕانەوەی بۆ هيچ

كەس گرنگ نييە

بۆ ئەتەوێ وا دەربخەی كە بۆ تۆ گرنگە و ئەتوانی تێبگەی

لێيان

بەيانيان كە خەبەرم ئەبێتەوە لەگەڵ خۆشما قسەم نييە

وەك دوژمنێك بۆ خۆم ئەڕوانم

دوكتورەكان ئەڵێن لەوانەيە ئاسمم بێت، ئاسم كە دەرگای

بۆ نەخۆشييەكانی تری باوكم كردەوە

تەنانەت هەوڵم بۆ نووسينيش دامركاوەتەوە

من تەنيا شيعر بۆ كۆمەڵێك شاعيری مردوو ئەنووسم كە

هيچ كاميان من ناناسن

من ئالوودەم، بوغزاوم و قين لە خۆيشم ئەكێشم

حەزم بە بەختەوەری هيچ ئينسانێك نييە

تەنانەت من بۆ مەرگی ڕامین و هیدایەت زۆر دانەچووم

پێش مەرگیان زیاتر دڵتەنگ بووم

هیچ مرۆڤێکی زینوو پاک و ڕاست نییە

بڕوا بەو قسـەیە مەکە کە توێژەر و سـیاسـییە پیرەکان ئەڵێن

گوایە دێ لە دەردەکانی مرۆڤ کەم ئەکاتەوە

لێرە تەنانەت سـووک و ترۆترین مرۆڤەکانیش تووڕەیان کردووم

ئەوان ئەتوانن کارتێکەرییان زۆر بێت لە سەرت

خۆشـەویسـم هەر لێرا لەم شـێعرەدا، لەم دێیەدا دەس بکە

بە ناو دەمما و جاشێک دەربێنە

ساڵەهاس زانیومە کە دەمم تفەنگێکی مەشقییە

من ئەشـێم بۆ کایەی منالان تا دار بە شـێتیما بکەن و پێکەنینم تێبگرن

دار کە تفەنگمان لێ دروســـــت ئەکرد و کۆڵانەکانمان پێ ئەکوشت

بۆ ناپرسی کە کۆڵانەکان وتیان چی؟

کە تفەنگەکان وتیان چی؟

تەنانەت باڵەخانە و ماشینەکان وتیان چی

ئەی وای لە منداڵێک کە زاری چەقۆ کاتەوە و وڵامێک ببڕێ

ئەی وای لە کەســـێک کە مەشـــخەڵی وشـــە بگرێ بە دەستییەوە و لەمپەرەکانی شاعیر بێت

کە زاری باڵەخانە و تفەنگ

زاری ماندوویێتی

ماندویێتی بە دەســـتی درێژییەوە و قاچی قورس و دڵی گەورە و چاوی نیشتوو و دەنگی کپییەوە

ماندوویێتی کە سەگێکە و تاوێک ئێسقانێکم ئەکرۆژێ

سەگێک کە لاشەی کرێکارەکان ئەخوات

کرێکـارەکـان کە ئەبێـت هەموو ئێوارەیەک قـامکەکـانیـان بژمێرن

تۆ هەر کە پێم گەشتی چاوەکانم بژمێرە

دەستەکانم، ئێوارەکانم

سەگەکانی گازەرای پشتم پاش دە

بە بنەمــاڵەکەم بڵێ هەزار هێنــدەی تر دژ بم خوێنم بە دەستی تاریکی حەڵاڵە

بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە بۆ هەموو ئەوانەی بە ســــەرم هاتوون

بۆ هەموو شتێک

ئەی وای لەم کۆتــاییی وەرزی پـاییزە کە لە ژوورێـک ئەچێت ماوەیەکی زۆر بێت چۆڵت کردبێت و لە نەبوونتا گەورەتر بووبێت

مــاڵێـک کە ڕۆژەکـانی وەکوو ئەنـدامێـک لە ئەنـدامـانی بنەماڵەکەت چووبێتن و تۆ بە تەنیا مابێتیتەوە

تۆ دوایین ڕۆژی پاییز بیت

دوایین ڕۆژێـک کە بچێتە هەموو وەرزەکـانەوە و تێیـدا بژیت

ژوورێک کە سەرما دەر و دیوار و پەنجەرەی کردبێتەوە

بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە و واهەسـتەکەم دۆخی هەمووان لە هی من باشترە

لاوازم و هەمووان بە سەرمدا زاڵن

پاییزیش گورگێکی برسییە

گورگێکی زەرد کە سەرەتا جلی لەقلەقەکانی لەبەربوو

هەڵم ئەدەنە زسـتانەوە و زسـتان بە سـڵاوێکی گەرم وەک ژنێکی دەم و لێو پاراو دێت بە دەورمدا و دەسـت و قاچ و چاو و ســـەر و مل و لاشـــەم لێ ئەگرێت و لە گوێی کوورەکە دایئەنێت و ئەڵێت تۆش ئێســـتا ئەتوانی وەک هاوین بحەوێتەوە

بە مەرجێک ناوەکانی ڕامین و هیدایەت و محەمەدی
نەزەری لە دەست و چاو و ڕوانینتا بتوێتەوە
تەماحی هاوین ئەمگرێت
نازانم هاوین بم یا نە
زستانی دەم و لێو پاراو و گیرفان گەرم وەک سەگێکی
شڵە دێت و ئێسقانی مردووەکانم لەژێر بەفرا ئەشارێتەوە
کولوو کەلوو ڕەحمەتی بەسەردا ئەبارێت و
قاسملوو لە بیرمدا ئەبێتە ڕچەیەک کە دووبارە بەفری بە
سەردا بارییبێتەوە
ئەبێتە تەرمێک کە دووبارە خوێنی تازەی لە بەر بڕواتەوە
ئەبێتە بیرەوەرییەک کە چیتر خۆش نییە بە بیری بێنمەوە
زستان کە دەستەکانت چەواشە ئەکات و واهەست ئەکەی
بە ئاسمان ئەگات
ئەم وەرزە لە کولانەی سەگی برسی زیاتر چی ترە
کە مردووەکانم لەگەڵ بەفرا ئەتوێنێتەوە

تۆ هەر کە پێم گەشتی مردووەکانم بژمێرە

دەستەکانم، چاوەکانم

نازانم بۆ واهەست ئەکەم لە هەر ئەندامێکما بەشێکیم کەمە

من کەســـێکی نوقســـانم بەبێ ئەوەی کە بزانم کوێمە کار ناکات

وەک پـاییزی گۆج کە جگە لە چەن ڕۆژی بـاوەعومرەی

خۆی هیچی بە دەستەوە نەمابێت

زستانی هێمن و لە سەرەخۆ وەک زۆرێک لە دەوروبەر و

دراوسێکانم سەرچاوەی داهاتی ڕوون نییە

دێت و ئەمنێتە پاڵی هاوپۆلی و هاوتەمەنەکانی خۆم

ئەمانەن هاوڕێکان و هاوتەمەنەکانی تۆ

قامکی هەڵسەنگاندنی بۆ ئیدریس ئەکێشێ

ئەو کە دە ساڵ پێش ئێستا کوردی لە من باشتر ئەزانی

ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو، خۆی لەسەر قوون ڕائەژەنی

و بە دەنگی نزمی برسێتی وشەی ئاترۆزی فێر کردم

بە کراس و پانتۆڵێکی کاڵەواشـــە و چاویلکەیەکی قەویەوە

و هەر چرکە و جارێک چاوی ئەپرتووکاند

ئێمەیش بزەیەک ئەیگرتین بە چاو پرتانی

سەرلەبەر جەدوەلی عونسورەکانی شیمی لەبەر بوو

شـــەوانە وانەی بیرکاری و فیزیکی بە منـاڵانی ڕموزنی

نووستنگە ئەوتەوە

پێکەوە شێعرەکانی حەسیب قەرەداخیمان ئەخوێندەوە و

لە هەنبانەبۆرینە و دهخودا و قامووسـی موعیندا بە دوای

واتای فامیل و ناوی گوندەکانماندا ئەگەڕاین

ئەو گوندانەی کە ناویان نەبوایە گاڵتەمان پێ ئەکرد

بەڵام ئێسـتا بە دەنگێکی سـپییەوە بانگەشـەی سـەوز بۆ

بەفر و

دەنگی خۆی و بنەماڵەکەی داوەتە میرحسەینی مووسەوی

قامووسەکانی چۆڵ کردووە و

یەکەم ڕیفۆرم بۆ ئاترۆز ئەو کردی

میرحسـەینی مووسـەوی بووە میری ئاترۆز و سـەرەتان و بێوەژن و ئیدریس و فاڵ و جادوو

ئیدریس سـەراسـەری گیانی بووبووە لێو و قسـە و ڕێگەچارە

کاتێک بە دەسـتی چەپی دەنگی خۆی بۆ میرحسـەین نووسیبوو دەستی چەپیشی لە گەڵیا ناردبوو

بۆیە بە هەر کەس گەشتی دەست و چاو و لێو و لاقەکانی بژمێرە

ئەم ڕۆژانە ئەیبینم لە شـەقامەکاندا بە کۆت و شـەواڵێکی ڕەشەوە ئەڕوات وەک ئەوەی بە نێو ئیدارەیەکدا بڕوات

دەست ڕۆشتووە و فەرمانبەرەکانی بانک ڕێزی لێ ئەگرن

پێک دەگەین و سڵاو لە یەکدی ناکەین

ئەم ناوانەت لێ تێک نەچێت

ئەتوانم نـاوی زیـاتر بێنم بەڵام ترسـمە لەوەی وەک شاعیرێکی کاریکاتۆریست دەربکەوم

شاعیرانی دۆڵەمە

ئەتوانم نـاوی زیـاتر بێنم بەڵام ئەوە مەرگە کە نـاوەکـانی دەڵە کردووە و ڕێ نابەمەوە سەریان

مەرگ کە بەردەوام وەک مریشـکێکی دەڵە و بەکرێ گارەگاریەتی

بێدەنگی سەرڕاستترین ناونیشانە کە بتدەمێ

تەنانەت گەر کاتی نێرینەش بە پشـتوێنی ئێوارەوە لێت هاتە پێش

ئاورِ لە ڕابردووت مەدەرۆ و برۆ

تەنیا کەسی دۆڕاوی وەک منە کە ئاورِ لە مردن ئەداتەوە

بێتاقەت مەبە

جارێکی تر خۆت بۆ تاقیکردنەوەکانی زانکۆ ئامادە بکە

هەوڵ بدە ببیتە فەرمانبەری ئیدارەیەک

زوو زوو ناوی خۆت بنووسە

لە چیدا شـــارەزای بینووســـە،ئەزموونەکانی کارکردنت،

هەوڵ بدە زمانێکی دیکەش فێر ببیت

شاعیرەکان وەهان ئامۆژگاریی مەلاکانیش ئەکەن

ئەگەر یەک تەنانەت و لانی کەم و بەڵامی خۆمم لە دەستا بوایە

بۆ هیچ وشەیەکیشم نەئەڕوانی

وەڕسم و هەموو گەلانی دنیا دوژمنی منن

ئەو کەســـانەش کە داکۆکییان لێ ئەکەم تێبێنیم زۆرە لە سەریان

هیچ پێشنیارێکم بۆ مێژووی بەڕێز نییە

نامەوێت لە خەمی هیچ کەسێکدا بەشدار بم

لە هیچ حەقێکدا حەقدار

کاتێک کات و حەق پێ خەسووی مزگەوتن

لێم گەڕێن کە هیچ گۆڕێک لە پاییز قووڵتر نییە و

وڵات سەرتاسەر گۆڕستانێکە چۆڵ، کە درەخت خۆی گێل کردووە لە مردن

هەمووان مەشخەڵی داهاتوون و من ئاڵایەکم لە ڕابردوو

خۆشەویسم تۆ مردوو و ناوەکانی ئەم شێعرە ئەناسی

گرنگ نییە ئەوانیش هیچ کامیان یەک ناناسن

وەها کە شـــــایەت من و تۆش وەک محەمەدی نەزەری داهاتووی خۆمان نەبیننەوە و نەیناسینەوە

ئەو لاوێک بوو تەمەن و ئارەزوو لاوێتیان ئەبردە ژێر پرسیارەوە

وڵامی دنیای کەڕ و کاس و

شوستە و شەقامی نوێ و خاوێن و

تێبینییەکە لەسەر ژیان

نوقتەیەکە کە مەرگ لە بەرپێی خۆی دائەنێ.

لەوانەیە ڕۆژێ چەندین جار بە دڵیدا بێت کە ئایا محەمەدی نەزەرییە یا نە، گومانی هەیە لە زیندووبوونی خۆی، بانگ

له خۆی ئەکات و خۆی وڵامی خۆی ئەداتەوە، من محەمەدی نەزەریم یا نە، تۆش بانگ له خۆت بکە بزانە مردووی، تەنیا بەندیخانە نییە کە ناوی خۆمانمان بیر ئەباتەوە و ئەمانکوژێت. گومان لە داوا ڕەواکەی خۆی ئەکات و زوو بڕوای پێ دێنێت، بیر ئەکاتەوە ئایا لە دەرەوە ناوی ئەهێنرێت یا نە، بە خۆی ئەڵێ چەمکی تر گرنگتر و لە پێشترن بۆ بیرکردنەوە و ناوی تر زۆرە بۆ ناوهێنان، گەلێک ڕووداو ڕوویان داوە، بۆیە بانگ لە خۆی ئەکات محەمەدی نەزەری تا بزانێ ڕابردووی زیندووە یا نە.

محەمەدی نەزەری کەسێکی مردووە کە ئاماژەیەکی زیندووت پێ ئەدا.

گرنگ نییە با هیچ مردوویەک ئەم شیعرانەشی نەخوێندبێتەوە

با ئەم مردووانە هیچکامیان یەکیان نەناسیبێت

من ئەو جەستەیە سەد ساڵ پێش ئێستا بە گوللە کوژرابێت

ئەیناسمەوە

ئەو جەستەیە گیانبازی لەگەڵ مەرگا ئەکات و کردوویە

ئەو شـــێعر وشـــانەی کە وەک من خوێن گرتبێتنی بە هەر

زمانێک نووسرابێت ئەیخوێنمەوە

بە هەر دەنگێک بخوێنرێنەوە بێدەنگن

خوێن، خوێنی پیرۆز، خوێنی بیدەنگ

ئەو ماڵانەی بە نهێنی پرســەیان تیا گێڕیا بێت بێناونیشــان

ئەیدۆزمەوە، ناونیشانی نهێنی

خۆشەویسم لە تەمەنێکدام لە هەموو شتێک تێئەگەم

لە ڕۆشنبیرانی دەغەڵ

ئەوانەی ئەچنە سەر لاکی شۆڕشەکان

سەر لاکی هەواڵەکان

ئەوانەی خوێنی ســەر شــەقامەکان ئەلێســنەوە و ڕیفۆرمی

نهێنی لە بەرگی شۆڕشی نوێدا ئەکەن

بە خۆیان ئەڵێن ئەم ژیانە هێزی پێویستە

چما ئێمە ســـــەرکوت ئەکەن و ئەوان لە تەرح و پلانەکانی

دەوڵەتا بەشیان هەیە

لە وامی بانکەکاندا

ئەوان بەڕێزترن لە ئێمە

سیاسیتر، شووشە و دەرگای بانکەکان ناشکێنن

ئاگر لە کۆگاکانی پێویستی سپا بەر نادەن

ئەوان ژیرانەتر کاری خۆیان ئەکەن

ئەوان ئەڵێن ئەم ژیانە هێزی پێویســـتە و من ئەڵێم تۆزیک

دڵخۆشی

تۆ ڕات چییە؟ تۆ دڵخۆشی؟

خۆشەویسم نازانم ڕامین و محەمەدی نەزەریش وەک من

بیریان ئەکردەوە یا نە

تۆ چی تۆ چۆن بیر ئەکەیتەوە

تۆش ئەترسی؟ کەسێکی جێگای باوەڕی یا نە؟

ئەم ڕۆژانە گەر چاو ئەبڕیتە چاوی ترس چاوی دائەخا و

گەر چاو ئەبڕیتە چاوی شەرم چاوی دائەخا

ڕوو ئەکەیتە دەمی حەق قسەی دائەخا

نە ئەم چاو بڕوای ئەو چاو ئەبینێ و

نە ئەم گوێ بڕوای ئەو دەم ئەبیسێ

چ کەلێنێکە ترس

کە دیواری هیچ ماڵێک ئاوەڵا ناکات بۆ قسە

کە دڵسۆزی هیچ هەڵاتوویەکی بۆ ناشاردرێتەوە

ئەم هەواڵ ئەو هەواڵ ئەترسێنێ

ئەم مەرگ ئەو مەرگ لەبیر ئەباتەوە

ئەم کۆڵان ڕێی خۆی لەو کۆڵان ئەدزێتەوە

ڕۆشنبیرەکان هەوڵ ئەدەن لە باری سەرشانی خۆیان سووک کەن

ئاگرەکان بە لاڕیدا ئەبەن، بە تویکارییەکانی مێژوو ویژدانی بەرژەوەندیخوازی خۆیان هێور ئەکەنەوە

دەستی شایەعەکان ئەگرن و خوێنی پێ نوغرۆ ئەکەن

وڵاتەکان لە دوورەوە تەماشا ئەکەن

ڕووسیە وەک گای بڕاو لە ناوچەکە وێساوە و

ماڵێکم پێ شک نایە تا ئەم شێعرەی تیا بشارمەوە، ئەم شارەی تیا بشارمەوە

هیچ مەرگێک ڕەحات نابینم تا تیا بمرم

خۆشەویسم پێم بڵێ ڕات چییە لەسەر قاتڵێکی خاکی و لەخۆبردوو

پاسدارێکی کەڵک گر کە گوللەیەکی خێری بە خوێنەوە نەپژێ

یا جاسووسێکی ڕوو خۆش و ئازا

ڕات چییە؟ پێم خۆش نییە شێعرێک بنووسم هاوشێوەی خوێن بپژێ

بە کۆڵنەدان بێ دەسەڵاتی خۆم ئەشارمەوە و

درێژەی ئەم کپییە ئەقیڕێنم

شـــەقامێ بەم ســـەری زارمەوە پێکراوە و ئەوســـەری بە لاقمەوە هەڵدێ

نە قاتڵەکە لە مردووەکە نزیک ئەبێتەوە و نە من

مردن کە نێوانی ئێمەی پڕ لە ترس کردووە و پێم حەیفە

دوارۆژی ئەم چرکە نەبینم

دوارۆژی ئەم بەختە نەگێڕمەوە و نەینووسم

محەمەدی نەزەری تۆ پەنجەرەی چاوەڕوانییەکیت دوور

کە جگە لە مەرگ کەس بۆی ناکرێتەوە و پێیدا نایەت

تۆ ئەو کەسەی کات و زەمەن تیاتا ئەگەنێت و

پشیلەی کوێریش دەرگای هیوا و بەختت ناکاتەوە

تۆ ڕات چییە؟ دڵخۆشی یا نە؟

محەمەدی نەزەری تەنانەت ڕای تۆش ڕای حەقیقەت نییە

تۆ و ڕامین تەنیا مەرگتان حەقیقەتە و بەس

تۆ ڕات چییە لە جێگەی مندا بوایەی چیت ئەکرد

ئەتتوانی شێعر نەنووسی

چۆن بیر لە گۆڕینی دۆخی خۆم بکەمۆ، نووسین ساوێرە

یا نە

چی بکەم

هەست بە سووک و ترۆی بە نسبەتی خۆم ئەکەم

بیر و باوەڕەکانم مەترسیدارن

هاوڕێکانم وردە وردە خۆیانم لێ ئەدزنەوە و لێم دائەبڕێن

چی بکەم، ئەم ڕستانە بە کوێمەوە نووسراون،

من ئەگەر لە منداڵیما بمردمایە نانی تەمەک کردوو

کوشتبوومی

وشە گول ئەبێت بەڵام نامرێ، حەقیقەت گول ئەبێت بەڵام

نامرێ. نەمرە

بە کوێمەوە نووسراوە ژووری کە موسیقای تێدا نەگیرێت

چۆڵە چۆڵ

خۆشەویسم شایەت تۆش ڕات جیاواز بێت، سەردەم

سەردەمی ڕای جیاوازە

سەردەم سەردەمی شیکاری مەنتیقی و مەنتیقە
نازانم شایەت ئەرەستووش مەنتیقی هەمان بەرژەوەندیی تاک زانیبێت
خۆشەویسم دیارە تۆش تێئەگەی و تێئەگەی لەم هەموو زانیاریی بەردەستە
لەم ڕۆژانا ئەوەی کە زووتر هەواڵەکان ببیستێت یا حەقیقەتە یا لە من لە حەقیقەت نزیکترە
ڕامین و هیدایەت کە هیچ خەبەرێکیان پێ ناگا لەگەڵ حەقیقەت و ژیان باوکیان لە مزگەوتێکیشا نوێژی نەکردووە
خۆشەویسم باوکم ئەیوت تورک و فارسەکان زیانەخورۆن بێنە ئێرە هیچ بە باخ و بێسانمانەوە نایەڵن، بە خاکمانەوە بە زمانمانەوە
باوکی تۆش وای ئەوت؟
هاتنە خاکی ئێوەشەوە

باخ و بێسان و زمانی ئێوەشیان ڕنیوە

قۆڕەکات زمانی فارســـی لە مانگای دز ئەچێت و دەواخی

بۆ نایەت

تۆ چی ئەڵێی خۆشەویسم ڕای تۆش گرنگە، بڕوا و هەست

و بیرکردنەوەکانی تۆش گرنگە

تۆش پێت وایە کە تورک و فارســـەکان بۆ زیانەخورۆیی

دێن

تۆ منت پێ چۆنە، ڕای من، بیر و بۆچوونەکانی من

هەرچۆن بم لێم مەگرە کوڕی پیاوێکم هیچ کات هەتاوی

نەدواندووە و

پیاســـەی لەگەڵ تەمومژی هیچ دەمکەلێک نەکردووە، هیچ

کات بە چاوی گاگۆڵکێی بە مانگی سێ شەوە نەکردووە

ئێمە چین کە تەنانەت کرێوەش وەک مەلۆتکە لە

ژوورەکەماندا ئەیپێچاینەوە

تۆش لەوانەی هەر کە لێم دوور کەوتنەوە ڕاشـــیـان
ئەگۆڕیەت بۆ هاوکێشەکان
خۆت ساخ کردۆتەوە یا تۆش وەک پاروویەک نان بێلایەنی
وەک پەنایەک ترس
خۆشەویسم محەمەدی نەزەری شەقێکە لە عوورزەی باوکم
پێش ئەوەی وەک مانگ ئاوا بێت و تەواو بێت ئەمرێت و
دیار نامێنێت
ناتوانم بۆ بڕیارەکانی خۆم پرس بە مێژوو بکەم
لێی بپرسم بمرم یا نە
پرس بە بـاوکم بکەم، بـاوکم کە بە مەرگ گونـاحەکـانی
خۆیی داشاردووە و پیرۆزی کردووە،
کە مەرگ پرسیار لە هەڵوێستەکانی ناکات
تەنانەت ناتوانم پرس بە ئێوەش بکەم ڕامین و هیدایەت و
محەمەدی نەزەری، پرس بە مەرگی ئێوە، ڕای ئێوەشـم بۆ

گرنگ نییە، ڕێز لە ڕاتان ناگرم کە ئایا ئەم قوناغەم بمرێت یا نە

ئەبێ ئاگادار بن، بەهێز بن ئەنا ڕۆشـــنبیرانی نیولیبراڵ ئەتانتوێننەوە

بە نهێنی ئەتانتوێننەوە

ڕا و ســـەرنجتان ڕائەکێشـــن، باســـەکانتان ئەورووژێنن، کوێرەڕێ لە بەرپێتان دائەنێن، چارەسـەری کێشـەکانتان لە لایان ئەبیننەوە، لە هەموو شـتێکدا دێن و دەرئەکەون، دێن کە مارەکانی گیانت بگرن

خۆشـەویسـم دێن وەک ژن پرچەکانت شـانە ئەکەن، گوێ لە دەردەدڵەکـانـت ئەگرن، لێـت تێئەگەن، هەرچی بڵێی دەرکـت ئەکەن، مـافـت ئەدەنێ، پێـت ئەڵێن کە ئەوانیش خوێندوویانەتەوە، ئەزموونیان کردووە، لەمسـیان کردووە، لەمس، دنیـای لەمس، دێن لە هەموو شـــتێـک ئەزانن، شتێکیان لەمس کردووە.

پێت ئەڵێن پێویستە بیرۆکە کۆنەکانت بگۆڕیت و بیرۆکەی نوێت هەبێت

بیانناسەرەوە دەنگیان سێکسی ئەکەن کاتێک شێعر ئەخوێننەوە

ناتوانم پێت بڵێم چۆنن، تەنیا گومانت ئەتوانێ بیانناسێتەوە

مەترسە، گەر خەونی خراوت پێوە دیتن بڕۆ لە پاڵ شەتاوێکی ڕۆشن بیگێڕەوە

مەترسە، دایکم ئەڵێت تەنانەت سەرواز لە خەوندا ئەولیایە

لە سەرواز خراوترمان نییە لەم ژیانەدا

وەک من مەبە خاسە لە هیچ کەسێک قەبووڵ مەکە

بمرە و مەرگ قەبووڵ بکە

هەمیشە گرنگ بکە بە منەتتا

هیدایەتی عەبدوڵلاپوور تەنیا منەتیم خۆش ئەوێت، منەتی نەبووی لە ئاستی مەرگیشا

هیدایەتی عەبدوڵڵاپوور کە بە بێدەنگی ئەمرێت و خۆی

ئەکاتە قوربانیی دەنگی مەرگی ڕامینی حسەین پەنایی

مردوویەکی بێکەس، بێدایک، بێخاوەن، دێهاتی، هیدایەتی

عەبدوڵڵاپوور یەکەم مەشـــخەڵی هەڵخڵەتاوی ڕاســـانە،

کۆنەپەرەســـت و دواکەوتوو کە مەیتی قەرەســـەقڵ لە پاڵ

مەیتی قەرە گوڵ ڕائەکێشێ

هیدایەت تۆ خۆت ئەزانی کە بۆ ناو کام ساتی نادیاری ئەم

زەمەنە و کام ڕۆژی بزری ئەم ساڵە ڕاگوێزرای

خۆشـەویسـم وێڕای هەموو ئەمانە کەسانێک هەن کە پێت

ئەڵێن ئەم کتێبە ژیانی منی گۆڕیوە

ڕات چییە؟ ڕای تۆش گرنگە، تۆ چ شتێک ژیانتی گۆڕیوە

پێشنیاری ئەم خەڵکە بۆ خوێندنەوە قەبووڵ ئەکەی؟

بۆ یەکجاریش بیرکردنەوەکانی خۆتم لێ مەشارەوە

دوو دڵ مەبە، ترس بەرزترین پەیژەی گوناحە

وەهاش مەبە ئامانجت چاو لە ئاسۆ بکات

هیچ عەیـب و کەموکوورِییەکم بە بیر مەهێنەرۆ خۆم لە

هەموویان ئاگادارم، هەوڵ ئەدەم چارەسەریان بکەم

بە نسبەتی تۆ هەرچی پاساومە خائینە

خۆشەویسم پێشتر کەی ژیان ئەوەندە ئەستەم بوو

کەی شۆڕش ئەوەندە ئەستەم بوو

زمان کەی پێشتر نەزۆک ئەبوو لە ناونانی کەرەستەکانی

کەی نەزۆک ئەبوو لە وشە

پێشتر کەی شاعیر تیماری ناسۆرییەکانی زمانی ئەکرد

کەی وشەی مردووی زیندوو ئەکردەوە

خۆشـــــەویســـــم کام ئەندامی تۆیە کە هێندە بیری مەرگم

ئەخاتەوە

بۆن بە خۆتەوە بکە تۆ کوێت بۆنی شـــۆڕش و مەرگی لێ

یەت

بۆن بە زمانتەوە بکە، بە وشـــــەکانتەوە، بە ماڵ و خاک و شارتەوە

ســــەرنج بدە بزا لە کچێکی مردوو زیاتر چیتری کە هێندە مەرگم تیا زیندوو ئەکەیتەوە

خۆشەویسم من شاعیرم، بڕوا بکە من شاعیرم

ئەتوانم زمان لێڵ بکەم

وشە هەڵکەم و بیکوژێنمەوە

من ئەتوانم داو بۆ تاریکی بنێمەوە

پێم بڵێ تۆ بڕوات پێمە؟

پێشتر پێت وتووم کە قسەکانم کارتێکەرییان زۆر بووە لە سەرت

شێعرەکانم چۆنن؟

بڕوا بکە من شاعیرم وشە بە گا ئەگرم

تەمومژی پاییز لە دەمی گورگ ئەسێنمەوە

پاییز کە کۆڵەوەسی بەهارە

هەنەزای تەرزە و شەختە

بەهــار کە چەن بەختی نــاســـیوە و هیچ عەشــقێکی نەحەواوەتۆ

کام یەک لەم وەرزانە بە من ئەشێن و مارەییمان دێ

گەر سەرماوەز بە زڕ خوشکم دەرنەچێ

ئــازیزم گەر مەرگ بە ڕێگەی مــانــدوویێتیــا بێــت وا من قەبرێکم سەرڕاست

کە چەن زستان بە میرات جێ دێڵم بۆت

ژیان وایە کە هەمووان خەریکن میراتی یەکدی ئەخۆن

مێژوو تۆمەتبار بە خیانەت، بە شەڕ، بە نەزانی

مێژووی ســـاویلکە، مێژووی مردوو کە هەموو تاوانەکان تن ئەکرێنە ملی ئەو

تۆ عــادڵتری پێم بڵێ میراتەکــانی ڕامین و هیــدایەت و محەمەدی نەزەری بە کێ ئەبڕێن

محەمەدی نەزەری کە ئێستاش دەس بە لاڕانی ڕابردوویا

ئەدا و ئەڵێت ئەی هەنووز بەماڵم

زمان چما ناوچە و گوندەکانی خۆی لەبیر ئەکا،

چۆڵەوانییەکانی خۆی

ئەبێت بڵێت گەر با تەنیا زیندەوەری بیابانیش بێت

زمان چووزانێ لەودیو دیواری زیندانەکانی محەمەدی

نەزەرییەوە وشەکان چۆن ئاڵوگۆڕ ئەکرێن

ئەی وای جەرگی بڕاوم لەم پانتاییی واتا و لە کاولاشی

بێدەنگی

خۆشەویسم تۆ چووزانی زمانی من کام وشانەی زۆرتر

خۆش ئەوێ

کام وشانەی زیاتر لا جوانن

تۆ چووزانی کە من هەموو بەندییەکم لا جوانە

هەموو تاوانبارێک

ڕامین و هیدایەت و محەمەدی نەزەری تۆمەت و تاوان و

زیندان جوانی کردوون

خۆشـــەویســـم باوکیشـــم جوانە، هەموو ئەوانەی کەوا

ڕەنجیان زۆر کێشاوە لام جوانن

ئەرێ کونەلووتەکانی باوکمم لا جوان بوو

تۆ ئەوە ئەگریتە بنەما بۆ جوانی؟

تۆ چ تاوانێک جوانتی کردووە

تۆ بە چ شتێکدا ئەتزانی کە من بێ باوک گەورە بووم

من هەموو ئەوانەی کەوا ســـەریان ئەتاشـــن بەلامەوە

هەتیون و بێ باوک گەورە بوون

بێ هۆیەکی تایبەت هەینیش لە لام ڕۆژێکی باوک مردووە

ڕۆژێکی سەرتاشراو

وەها کە باوکم بێدەنگی لە لای مســـافرێکی نامۆ و ڕێ

هەڵەکردوو بوو

زۆر شتی ئەزانی، خدری زیندەی دیبوو

تۆ نەتدیوە ئێسک لە قامکیا نییە گەر بینیت

خۆیت لێ ئەکاتە نەناس و لە سەر ڕێگەت هەڵئەکەوێ

ئەزموونی نانی باوکم ئەیوت برسـێتی و گرانی بۆنی منی

دێت

هەوڵی ئەدا ئەسـڵ و فەرعی دین فیر بێ و لە بیری

ئەچووەوە

پیاوێکی کەهاڵ نوێژ کە هێندەی خوای بە گرنگ نەگرتبوو

خوای گرنگی ئەو سەردەمە

خوای گرنگی هێندە و ئەوەندە، کە بڕێجار کێری عەزرەتی

ئەنایە قوونی سەبری

بۆنی بە دەمی برسێتییەوە کردبوو

لە نیشتمانی ترسا خەوتبوو

بەڵام ئەو حاڵەی پێشـمەرگەی وەک شـنەی شـماڵە

سەرخەرمان خۆش ئەویست

گاڵتەشـــی پێ ئەکردن کاتێک ئەیدی مناڵەکانی خۆی ئاوێتە ئەبن

بە دزیشەوە سەربەرز بوو پێیان و لە لای خەڵک جۆرێکی تر قسەی ئەکرد

چما ژیان ئەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ هێندە جیاوازە

ئازیزم تۆش وەک من تاوان و زیندان و برســێتی و ڕەنج ئەکەیتە بنەماکانی جوانی

تۆش جوانی بەڵام نازانم وەک چی

جوانی نموونەیەکی بەردەستی نییە لام تا بتشوبهێنم پێی

جوانی چرکەیەکە تێئەپەڕێ و کەس نایبینێتەوە

تۆ پێم بڵێ ڕا و بۆچوونەکانی من دروســـــت نین، گەر وابوایە لە ژیاندا ئەمتوانی سەرکەوم

لە ئەزموونکردنی مندا کێ تاوانبارە

بەزەییم بە تۆشـــدا دێتەوە، تۆ خۆت هەســـت بە تێپەڕینی کات لە خۆتا ناکەیت. تۆ وەک مێژوو ساویلکەی بڕوات بە ژیان کردووە

وەها کە ئاخا شنگالێ

پشت بە دیرۆکا خۆ بەستبوو

شـنگال کە وەک دراوسـێیەکی بێدەنگ خەریک بوو بیر و باوەڕەکانی خۆی لە هەمووان ئەشاردەوە

تۆ وا مەبە کچێنیی خۆت زیاتر دەرخە

من ئەم هـاوارتە چۆن بکەم تـا ســـێبەری بەزەییی خۆم بتوانێ وەریبگێڕێتەوە

تا بتوانێ چەن زمانی تریش هاوار بێت

خۆشەویسم بێهیوا مەبە بێهیواییەکانی تۆ جەرگم ئەبڕن

محەمەدی نەزەری وەک من مەبە، مەشکێ، تۆ بە خۆتەوە شـــکانی منیش ڕائەگری، ئەم مێژووە شـــکاوە ڕائەگری، ڕاوەســتە، گەر هیوا زیندووت ئەکاتەوە هیوادار بە، تۆ ئەو

کەســـەی هیوا پێ بە جێ پێکانتا ئەنێ و واتا وەک منداڵێک جێ قاچەکانی بە جێ پێکانتا ئەنێ و هەڵی ئەســـــەنگێنێ و ئەندازەی ئەگرێ

خۆت ئەزموونت زۆرە، مەشـــــکێ، مارانگاز دوو جار لە کوونێکەوە مار نایگەزێ

بڕوا بکە محەمەدی نەزەری ئەم نیشتمانە وەک تۆ وایە

وەک گورگ وایە تا ژەمێ تێر بێ دوو ژەم برسییە

خۆشـــــەویســـــم ئەڵێن لە ڕۆژەکانیشـــــدا شـــــەمە خۆی بە ساحێبی خۆر ئەزانێ

نیشتمانی خۆر

من پەراوێزترین و قەرزارترین هەینی ســـــــاڵم، دانـگ و داوێنی ژیان

کە خەڵکی تاریکی و شێعرەکانی خۆمم پێ ئەفرۆشنۆ

تێنـــاگەم کە شـــــــاعیران بۆ وەک ئـــامریکـــا کەوانەی بەرژەوەندین و سەری گا بە قوون شێعریانا ئەکەن

کێ بڕوا ئەکا کە تاریکی چەنی داچڵەکاندووم

بە داخەوەم کە هیچ شتێکم نییە تا بە تۆ و ژیان و شێعری ببەخشم

من شاعیرێک نیم داهاتوو بۆ خۆم پاشەکەوت کەم

شـێعر سـێبەری بڕیارێکە کە هیچ زەمەن و وشـەیەکی لا ئاسایی نییە

ئەو بەشـە لە مۆسـیقاس کە مرۆڤ دەسـتی پێگەیاندووە و لێنی کردۆتەوە، هیچ پێداگری و سـووربوونێکی محەمەدی نەزەری ژێر پرسـیاری نییە و ئەو بڕوا و مانەوە لە لای بێواتا نابێ

تەنانەت لەو کاتانەدا کە ژیان ئەگەڕایەوە ئاسـاییترین دۆخی خۆی و دەوڵەت ڕابردوو و بەسـەرهاتی خۆتت لێ ئەشارێتەوە و

ژنە دراوسێکانمان دەستیان لە قوونی مریشکەکانیان ئەنا تا بزانن کەی هێلکەکانیان ئەکەن

چۆن ئەو چرکانەت نەشـــکاوە و قاپولەی پەشـــیمانیت

نەبردۆتۆ بە دەما

محەمەدی نەزەری تۆ چەندین جار لە بیر چوویتەتەوە و

هـاتوویتەتەوە بیری خەڵک، تۆ زۆر کات خەبـاتت واتـادار

بووە و برێ کاتیش گەمژانە و بێواتا

تۆ ئەو کەســـــەی کە کۆڵت بە خۆ گێڵکردنی ژیان داوە و

نەوهێشتووە لە بیرکردنیش لەبیرت بکات

خۆشـەویسـم تۆ چۆن هەڵسـوکەوت ئەکەیت لەم شـێعرەدا

لەگەڵ ڕامین و هیدایەت و محەمەدی نەزەری

تۆ چۆن هیچ گوایە و ئەگەرێکی ترت لە بەردەستدا نەبوو،

کاتێک بیرەوەریی دڵی ئەشکاندی

خۆشـەویسـم من وەک محەمەدی نەزەری نیم دڵم بشـکێنی

دەست بۆ کەسێکی تر درێژ ئەکەم

لە خۆشەویستیدا ڕیفۆرم ئەکەم

کاتێک باسـی کێشـەکانی خۆم ئەکەم سـەری تێگەیشـتنت

مەلەقێنە

مەڵێ تێئەگەم تێگەیشتن ئەتگەیەنێتە سەمەرێک کە بڕیارە

سەرت مەلەقێنە خۆ تۆ شاعیر نیت

کاتێک شانزە ساڵم بوو لەگەل ئیدریس بە نهێنی ئەگریاین

کەوا کار کۆراندووینەتیۆ و باڵا ناکەین

کار چنگ و پەلی کوڵ کردبووینۆ وەک باوەعومرەکان

هیوایەکیش هەبوو هیوایەکی گرێ گرێ کە تا ٢٥ سـاڵەیی

دەرفەتێکی درێژە

دەرفەتێک کە پەتوو دەری نەکات

زەردەیەکی شاریاوە و باڵابەرزیش لەگەڵ داهاتووا

١٦ سـاڵەیی گیسـکێکی گولە کە لەوەڕی هیچ بەهار و

هیوایەکی سەوز دەغەزی ناپەڕێنێت

هیوایەکی گول

خۆشەویسم تۆش گریاوی کە باڵا نەکەی؟

تۆ بە چی ئەکۆڕایتەوە

تۆش هیوات بوو ئەو تۆزە ورگە قوتەت بکەیتە باڵا

دایکت پێی ئەوتی، ورەیان بەرز ئەکردیتەوە

ئەیانوت کە ئەچیتەوە سەر باوکت

کاتێک ئەیانوت ئەچیتەوە سـەر باوکت وامئەزانی کە

جێگەی مەرگ پڕ ئەکەمەوە

مەرگی درێژ

مەرگی تووڕە

مەرگی بێ ڕوودەربایس

مەرگ بە تەواوی نازناو و دەسکەوتەکانیەوە

مەرگی زووخێز وەک باوکم کە هێشتا چارەکێ شەوی بە

دەمەوە ماوە هەڵەسێت

تۆش زووخێزیت

وەک مەرگ نە، وەک بەهار کە شەو وەک نووشتە وایە بە

ناوشانیەوە

بەهار ڕێک وەک پیاوێکی ســـینگ و مل کوڕ و کوڵ کە لە ناوقەو بەرەو خواریەوە هێند دریژ بێت بەنەخوێنەکەی لە خوار خوارە و لە بەر موسڵانیا بەستبێت

بەهـاری شـــلک و خەواڵوو کە وەک من هەم وەرزێڕ و باخەوان و شاعیرە

بەهـار کە وەک بـاوکم زوو گیان ئەدات بە دەســـتەوە و ئەمرێت

نە وەک محەمەدی نەزەری هەزار گیان بات بە دەســـتەوە گیانێکی هەر ئەمێنێت

دەمارێکی هەر ئەمێنێت بۆ لێدان

تۆ بۆ باوکی من باشتری کە دێر ئەمری

پێم وایە محەمەدی نەزەریش زووخێزە، وەها کە پێم وایە شان و مل کووڕیشە

گەر هەر ئەم شــێعرەش ئازاد بکرێ و لە یاســاش خۆش بێت

ئەو هەر مەرگ و بەندیخانەیە

بۆ هەر شار و ماڵ و شیعرێکیش بگەڕێتەوە ئەیکاتە گۆڕ و بەندیخانە

وەک کوردێک کە دووراو دوور دیارە ئەیەوێت هەموو تاراوگەیەک بکاتە کوردستان

خۆشەویسم ئێستا تێئەگەی کە چۆن سەرگەردانی ئەمهێنێتەوە لات

خەڵکی پێم ئەڵێن کە من لووتبەرزم و سواڵکەری عەشقم بۆ ناکرێت

عەشقی سواڵکەر

پێم ئەڵێن کە لووتبەرزم و لە بازاڕ و کاردا جێم نابێتەوە

ڕووخۆش نیم و نازانم چۆن مشتەرییەکان ڕابکێشم

چما ژیان و عەشق و کار کەسێکی ئەوێت لووتی شکا بێت

وائەزانم کە تەنیا شـــێعر و گۆڕ و بەندیخانەیە ئینســـانی لووتبەرزی خۆش ئەوێت

ژیانی لووت شکاو بە قەیافەیەکی ورگ هاتوو و وڕاقەوە

وەک سیاسییەکان لە مانگایەک ئەچێت حەوت سک زابێت

هیچ کات لە بیری ناچێت قاوڵتی نەکات، هیچ شــەممەیەکی ناشتا نییە و گەلێک زانیاریی گرنگی لەبەرە

گەلێک زانیاریی گرنگی لە بەردەســـتە لەســـەر خۆراک و مێوە و کاڵا و جلوبەرگ و پێداویستییەکانی ژیان

مەودای نێوان خۆر و مــانــگ، خۆر و زەوی، ژمــارەی ئەستێرەکانیان لەبەرە

گەردوونناســـن، هەموویـان نیوتۆنیـان خۆش ئەوێت و سەریان پێی سوورِ ئەمێنێت

لەســەر کورســی دائەنیشــن، بێدەنگی ئەپارێزن، ڕۆژنامە ئەخوێننەوە و جەدوەلەکان حەل ئەکەن

ئاســـتی زانیارییەکانیان ئەبەنە ســـەر، باســـی جۆری پەروەردەی ئەمریکی و ژاپونییەکان ئەکەن، گەلێک زۆر و ئاگان، ئەڵێن کە هایکۆکان سـەرنجڕاکێشـن، کە قسـە ئەکەن وتە لە بوودا، کونفوســـیوس و گاندی و ماندێلا دێننەوە. بڕێکیشـــیان ژیانی مەولانا و حەلاج و تا ئەگاتە شـــێ حەسەنی بەسری بە نموونە ئەهێننەوە، گەر ئەو ڕووکەیان بمرێ ڕوویەکی تریـان زینووە، گەر ئەو شـــێعرەکەیـان بمرێ شێعرێکی تریان لەدایک ئەبێ.

ئازیزم گەلێک زۆرن بڕێکیان زاراوەکانی تریش ئەزانن

تورکی ئەزانن، ئەزانن نوسخەی دوکتورەکان بخوێننەوە

ئەمانە گرنگن و من هیچیان نازانم

ســی چرکە ســی چرکە گوێ لە هاژەی شــەتاوان ئەگرن، گەر لەو کاتەدا قســـە بکەی پێت ئەڵێن بێدەنگ بە، ئەڵێن ســـروشـــت هەموو شـــتێکە، بە منگە منگ ئەڵێن هەموو شـتێکە، ئەڵێن تەماشـای سـەوزی و لێڕەوار بۆ شـەوارەی

چاو باشە، لەسەر قەنەفەکان دائەنیشن و لە شەقامەکانیش چەک ئەگرن بە دەستەوە و سەربازن.

خۆشەویسم بۆ تێپەڕاندنی ژیان بە شێوەیەکی تێر و تۆخ پێویستە چەن پیشەت هەبێت، بۆیە ئەوان جاسووس و پاسدار و شۆفیری تاکسی و فەرمانبەر و کۆڵبەر و گەلێک پیشەی تریش ئەزانن

پێت ئەڵێن کە بیرکردنەوەکانی تۆ دروستە و بە دژیشی ئەجووڵێنەوە

خۆشەویسم سەرت بۆ ئەلەقێنن وەک تۆ

ڕازی نیت جێگەی ئەم وشە و دێڕانە بگۆڕە بە مەمکت

ڕاستە کە دواکەوتووم و بۆ کوڕ بوونی من دێرە

چاو بپۆشە

من هەر وشەیەکم بکەمە گریلا

خەڵکی ئەڵێن شلّق لە مەشکە چز لە تاوە وا پاییزە و ڕۆن نەکراوە

من چیتر نه دارم ماوه نه دیوار بۆ توانج

بۆ کوردبوون

بۆ کوڕبوون

سەرم چیتر وشەیەکە شێعرا و شێعر هەڵیئەگرم

من چیتر خاکە پان و بەرینەکەی مێژووم ناوێ بۆ ئەم نیشتمانە

نەمزانی کە وشەکان وەک بەهار دەغەڵن، وەک تۆ

ڕۆشنبیرەکان پێخۆر بەم شۆڕشەوە ئەکەن

دەوروبەرییەکانم کوتوپڕ کوڕ و پڕیان ئەبێت

ئازیزم تۆش تا ڕادەیەک لەو نێوەنجیە قوون سپیانەی کە هەناسەیەکی درێژیان بۆ ژیان هەیە

هەناسەی درێژ وەک ڕیفورمخوازەکان بەو هێزە نەرمەیانەوە جەرگ و بەرد ئەبڕن

بەو هەناســــە و پشـــووە درێژەیانەوە بۆ ژیان ڕێزە ڕێزە

هێزت ئەچنن و بە دەمیش وزە و بیرۆکەت پێ ئەدەن و

پێت ئەڵێن ئەتوانی ئابووری و ڕامیاریی خۆت بگۆڕی

تۆش تا ڕادەیەک چاوشـــۆڕ و ڕەنگ زەرد و نێوەنجی و

ڕیفۆرمخواز دیاری

من بە ئەنقەســـت ناوی تۆم ناوەتە پاڵ ناوی محەمەدی

نەزەرییەوە

ناتوانی بیرۆکەکانی خۆتم لێ بشاریەوە

من لەوەتەی ئەنووسم ویستوومە دەرفەتێکت بزڕێنم

زۆرن ئەوانەی کە خیانەت سەرینی شەوانەیانە و

جۆرێک پێ بە ژیاندا ئەنێن کە هیچ هەنگاوێکی نەلەخشێ

چۆن زانیت من تەنیا پێویســـتم بە مەرگە بۆ عەداڵەت، بۆ

شێعر

وەک ڕامین و هیدایەت

تۆ هاتبوویتە سەر کام ترۆپکی بێئۆقرەیی

چووبوویته ناو کام دڵی تەقیوی تەنیایۆ

بە کـام مەنتقی ئـازادیۆ ڕێگە لە مەرگی من و ڕامین و

هیدایەت ئەگری

پێم بڵێ تۆ بووی کە هەمان عەشقی جوانەمەرگت بەخشییە

ڕامین

ڕامین وشە لێرا شەڕ بۆ کام واتای خۆی ئەکا

مرۆڤ بۆ کام عەشقی خۆی

دوایین وشـــە و بۆچوون لە دەمتا کام وشـــە بوو کام بیر

داگیری کردی

کام وشەس کە بەدوایا مەرگ دێت و دابڕان

بۆ کـام بەهەشـــتی ئـارەزوو چەکت هەڵگرت و کەوتیتە

بۆسەی کام حەقیقەتەوە

مرۆڤی سـەرگەردان بە کام دەسـتبەند و پاوانەی مەرگەوە

جوانترە

وێنە کام بەشی مرۆڤ ئەڕازێنێتۆ و

## کام ڕوانینی مەرگ ئەکێشێ

چۆن بوو کە تۆ لە ئۆفدا ڕۆشتی و
هیدایەتیش لە ئاخدا مرد

ئەستەمە بڕوا بکرێ کە هیدایەت تەنیا ویستوویە لەشی وشک و ڕەقی نان بگووشێ
پێم وابوو تۆش وەها تەنیا لەشی وشک و ڕەقی منت نەگووشیوە
پێت وایە نان هەمان خاڵی لاوازی منە و کەوتۆتە ژێر پێی داهاتووتەوە
نانی بێ شکۆ کە ژەما و ژەم تەماشای ڕەنگی گووەکەی خۆی ئەکات
ئاسوودەییت پاڵ بە کام وشەوە ئەدا و
لە کام دێڕا ئەنوێت

ئەی تۆ ڕامین سەربەرزیت بە سەر کام شاخی پەشیمانیۆ
گۆرانی ئەڵێت
کام شەممە تۆی کوشت و کام سێ شەممە نامەت بوو،
ڕووە کام مانگ و بۆنە وێسابووی کە جومعە بە کولییەی
چەپتەوە بوو
ڕەخنەگرەکان چی لە مەرگ ئەکەن با بیکەن
چی لە تەرم ئەکەن با بیکەن
نێوەنجییەکان لە سێبەری کام سەری مانگا وەنەوز ئەدەن
با بیدەن
بێدەنگی بە کام دەنگ زۆر حاسیە و
ئێوە پارێزەری کام نهێنی و ئاسوودەییی ژیانن
کام قسانە زیاتر چێژتان ئەداتێ، کام چێشتانە، کام ژیان
کام پیت و دێڕی ئەم شێعرانە ختووکە دەم زیاتر پێبکەنن
محەمەدی نەزەری جگە لە مەرگ تۆ زیاتر بە چی پێکەنینت
دێ

پێبکەنە و قاقات ڕابخە وەک بنار و پێدەشتەکانی سەراو
جۆرێک کە هەموو شوێنێکی ئەم شێعرە بکەیتە سارا
پێبکەنە و لە پێکەنینتەوە بڕوانە
پێبکەنە و گوێچکەی چۆڵ و هۆڵی چیا کپ بکە
وەک ئەو دەنگە لە ناکاوانەی کە لە گوێی منا ئەتەقنەوە و
زمان لاڵ درێژ ئەبێتەوە بە شوێنیا
بە دوایی دەنگێکا وەک نوورێک کە لە شـــەخســـێکەوە
هەڵسێت و تاریکی و عاسمان بیتوێنێتەوە
دەنگی خۆت و پێکەنینی خۆت بناسە
فرمێسکی خۆت، نەکا کەسێک بە فرمێسکتەوە بگری
وەک ڕامین کە بە هەمــان مەرگی ئەشـــرەفی برای و
ئیحسانی فەتاحیانەوە مرد
ئازیزم تۆش وەها عەشقی خۆت بناسە، جوان بە دەستت
بیگووشە نەکا تارمایی چەواشە کار باوەشت بۆ بگرێتەوە،

هەر تاریک و لێڵەیەک من نیم، قەڵەمی من بناسەوە، هەموو شاعیرێک من نیم

من گۆری مردووەکانم بە ناو و ڕێکەوتی مردنی خۆیانۆ لێرا داناوە، ناوی تۆ وەک قیبلەی مەرگ

ناوی خۆتت بیر بێ، کە مردووەکانی ئەم شـــێعرە بانگیان کردی تەزێک بە ڕابردووتا بێت، وەک ئەوەی ســاڵەها بێت

ناوی خۆتت بیر چووبێتەوە و بیرت بکەوێتەوە

بانگ لە خۆت کە و بە دەنگی منا کە بانگم کردووی بکەوە خوار

گەر ڕێ دەرەکەی بە تاریکیی ئەم شێعرا بگەڕێوە

بگەڕێوە و لە مانگی خاکەلێوەوە بڕۆ دەر

تاریکە پێت لە گۆڕەکەی ڕامین و هیدایەت بگوازەوە

بگەڕێوە تۆش لەوانە نەبیــت کە فۆبیــای گۆڕەوکەنە و سەرتاپا سپییان هەیە

فۆبیای داهاتوو

بگەڕێوە هەر ئێوارەیەک لە جلەکانی من چوو دایکەنە

ڕووتم بکەوە و بمکەرە سێبەرێکی شاش

بمکەرە وەنەوزێکی کاس

شەوێکی وێژ دیان

کازیوە بکەرە وێنە و بیگرە قاپ و کێلێک بە ژورەکەتا هەڵواسە

هەرچێکت لەبیر نەچووەوە بیدە بە مێژوو با لەبیری باتەوە

مێژوو کە گیرفانی ئێستا و داهاتوومانە

ئازیزم تۆ ئاست و ئەوەندەی پێکەنین بووی

بەڵام کە ناوی ڕابردوو دێت لەو لاوە من ئەم لای کەلیمەم تێکەڵاوە

پێکەنین بە پشتا ئەتکوژێت و

عەشق ڕێناباتەوە سەر قەرارەکانی خۆی و

مرۆڤ نازانێ کام گوو گووی سەرەمەرگیەتی

ئاگادار بە کاتێک ئەچیتە ئاودەستخانەکانەوە

بۆ هەر شوێنێک چوویت دارەمەیتێک لەگەل خۆت بەرە

مردن لە هیچ شوێنێکتا کەم نایەنێ

عەشق واتایەکی چۆڵە کە بە دوای وشەکەی خۆیا ئەگەڕێ

وەک من کە بە دوای ڕۆحی خۆما

بیرەوەرییەکانم زۆرن. وشە کەم و قسە زۆر

ڕوناکبیر زۆر بووە و شاعیر کەم

ئازیزم هیچ درگایەک مەکەوە تا ئەم شێعرە ئەنووسم

وشەکانم شەرم لە ژن ئەکەن و پیتەکانم چوارمیلکە

یا ژن بێتە هەر شێعریکەوە ئەیکاتە مەحکەمە و

ئەڵێت مێژوو پیاوێکە لە تۆ ئەچێت

ئەڵێ کار لە پیاو ئەچێ، قسە لە پیاو ئەچێ

منیش ئەڵێم ژن بێتە هەر شێعرێکمۆ

دێڕێکم وشە ئەدزێتۆ و فیشەک ئەدزێتۆ و

ڕەخنە هەمیشە پیاوێک چاو ئەکات لە دار و بنارما

تۆ کە لەم شێعرە ئەتۆرێی قازانجی شاعیرەکەی

مەترســـــە زیـانی خۆت بکە هەر خەرمـانێک داهۆڵێکە لە خووگ و

هەر پیاوێک مانکنێک لە ژن

کە دەس بە باوەشیا یەنێت و تەنیا تەنیاییە کە ژن ماوەتۆ

ئازیزم ئاگادار بە مرۆڤ لە پێخەفەکانەوە ســـــاناتر داگیر ئەکرێ

بــاوەش یەکەمین زینــدانی نهێنیی دەوڵەتە و تــا ئەمری ژمارەی دۆستەکانت ئەژمێرێ

ژمارەی ئاودەستخانە چوونەکانت

لە لای ئەوان هەموو شـــــتێکــت بە ژمــارەیە، بە ڕەنگی گووەکەتدا ئەزانن چۆن بیر ئەکەیتەوە

عادەتی مانگانەت چەندە خوار و ژووری هەیە، دوکتوری پسپۆڕیان بۆ داناوی

پاسەوانەکانی تەنیایی بە جلوبەرگی مەدەنی و ئامێری هونەرییەوە، لە دۆخێکی ئێجگار سروشتیدا دێن و تەعارفی ژیانی مردوو و هەستی مردووی خۆتت پێ ئەکەن

ئەم ڕۆژانە هەموو کەسێک دەردەدڵی خۆی هەیە و ئەوەندەی کە چەوساوەتەوە چەوسێنەرە

شایەت گومان تەنیا کەس بێت کە پێم جاسوس نییە

ژمارەی گووەکانی خۆت بژمێرە، ڕەنگەکەیت بیر بێت

من بە ڕەنگی گووەکەمدا زانیان کە شاعیرم

شۆڕشگێڕان گوویان بە پیکیش ناشکێ وەکوو ڕامین و هیدایەت

نێوەنجییەکان تا حەزکەی گوو قورسن و فەرمانبەران هەر فریای ئەوە ئەکەون کێشانە و پێوانەی گووی خەڵکی بکەن

ئازیزم چما تۆ فێرت تێر نەکرد

شایەت تێر ئینتزاعێک بێت وەک مەرگ، وەک عەشق

وەک حەقیقەت و بۆ

نە چاو بە تەنیا مەرگی بۆ ئەبینرێ و نە گوێ بە تەنیا

مووسیقا ئەبیسێ

عەشقیش وەسواس لە بڕیارەکانی خۆی و

مێشک گیرۆدە بە دەس کاتۆ و گشتی بەخێڵی بە دڵنیاییی

مەرگ ئەبات

ئازیزم سڵاو لە کوێی ماندووا بحەسێتەوە و

بەخشین کام پیاسەی خیانەت ئاسوودە ئەکات

گەروو کام پارووی درۆی بۆ تەڕ ناکرێ

شەرم کام تفی خۆی بۆ قووت نادرێ

بڕیار کاتێک لە خۆی پاشگەز ئەبێتەوە وەک ماری هار بە

بەردیشەوە ئەدا

سەردەم هەڵویست و متمانەکانی خۆی ئەگەزێت

زمان خۆی بە قسەکانییەوە نابەستێتەوە و

بڕێجار کات پاشگەز ئەبێتەوە و لە ڕابردوو یەتە دەر و لە

خوێندنەوەی تاکڕەهەندی بۆ زەمەن و تەنیایی و مێژوو

ماندوو ئەبێ

ئازیزم هەر ماندووە، هەر مێژووە بە جاش ئەبێ، بە نان

ئەبێ

ماندوێتی کە چوارگا وێساوە

پێش چوونت بپرسە ڕامین کام وێنەت تۆی بیر ماوە

بپرسە، پرسین عەیب نییە

بپرســـــە و چاوێک قرتێنە لە گاڵتە و لە وڵام و لە درۆ، لە

مەرگ

چاوێک قرتێنە لە بەختەوەری، لە ڕابردوو

مەهێڵە ڕوانینەکانت چۆڵ بێت

بپرسە ڕامین کە من ئۆقرەم کام خاک و کام ماڵ و وێنەس

شـــێعر کام تنۆکی خوێنی تۆی خواردۆتەوە هیدایەت وا

هار بووە

سەگ قەپی بە قولاپەی کام دەم و بەیان و پارشێو و سەڵا

و برسێتیی شێعرا کردووە

کە مەلا محەمەوی ڕەببیعی دەم ئەکـاتەوە شـــێعرەکـانی

مەولەوی لە قوڕگی سـاڕاڵدا شێت ئەبن و ڕێ هەڵە ئەکەن

و ئەپاڕنەوە جە من ئیستدعا جە تۆ ئیجابەت

سەگ لە برسێتیی هەرشتەکراو ئەلووریێنێ و

هیچ سبەیەک ناکەوێتە بەیانی

کەس نایناســـێتەوە کە مانگ بەیانیان بەرچاوی خەنەکی

داوە

شـەوق و شـەبەقی خۆر ئەیشـارێتەوە و نەبینراوی ئەکات

ئەو دەستەم کە بە ئەستێرەوۆ گرساوۆ

کازیوە هەموو ڕێ و شوێنەکانی مەرگ ڕچاو ئەکات و

قومێک ترس بە دەم بسمیلاوە دائەچڵەکێ

دەمەوبەیانی خەو نایباتەوە و گوێ بۆ ئەسەلات و خەیری

مینە نەوم ڕائەدێرێ

تۆ چی ڕامین گوی ڕائەگری ئەخەویتەوە یا نە

تۆ چی هیدایەت تۆش لە خەوی دەمە و بەیانیان خۆشـــت

دێ

لە ژوورێکی نەسورمدا، دیارە لێت کە خۆشت دێت

تۆ چی ڕامین شایەت تۆش بەقەی بکوژەکانت لەم شێعرانە

خۆشت بێت

شایەت کەمتریش

تۆ کە ئێستا هەمو یاسا و بنەما سەرەکییەکانی سەرورەری

ئێران بەڵەویت

هەموو ئەو بەند و بڕگانەی کە لە مەرگ ئەتگێڕنەوە و

ئەتبەستنەوە بە مەرگەوە

بۆ خۆت پارێزەرێکی تازە

پێم بڵێ ئەم شێعرانە من بە مەرگەوە ئەبەسنەوە یا نە

تۆ پێت وایە ئەبێت من لێرە هەڵبێم

ئەمانە بڵاو بکەمەوە یا نە

دەست بدەمە چەک یا ژیانی ئاسایی خۆم بکەم

تۆ چی ئەڵێی هیدایەت  تۆ کە هیچ دەنگ و پشـــــتیوانی و ئاسۆیەک نەکەوتنە تەکتوو

هیج پرسەیەک نەیگرتیتە خۆ

تۆ کە ڕوانینت وەک زمەی تفەنگ ڕاست و

بۆ هیچ جەماوەرێکت نەڕوانی جگە لە مردووانی گیا ڕەنگی وەک خۆت

پێش ئەوەی بمریت زاری دڵنیاییت کردبووەوە و پڕت لە گێلاسی شنۆ کردبوو

هەرەسی باخی گێلاست کردبوو یا نە

پیشــەی ڕاســتەقینەت چی بوو، هەر شــەوێک کە ئەخەوتی ئەتزانی کاری سبەییت چییە

ڕاس بێژە، دیـانی پێـدا بنێ چۆن بوو لاجـان ئـازووقەی ئەگەیاندە پێشمەرگە

دیانی پێدا بنێ پێش ئەوەی دوژمنەکەت ئەشکەنجەت بدات

دیـانی پێـدا بنێ وەک ئەو بڕیـارە نهێنییـانەی کە بڕیـاری نهێنی بوو و هیچ قەرارێک نەیبیستبێت

بەڵام کۆڵان و کۆڵان ئەگەڕا و شارە و شار ئەبیسرا

هەمووانیش بیـانبیســـتـایە هەواڵێـک بوو کە هەر نهێنی مابووەوە

دیانی پێدا بنێ هەرچێ بێژی تۆ هیچت نەوتووە

هیچ وەرزێـک تۆی بیر نەمـاوە زســـتـانی لێ بەدەر کە بڕێجار ناوت گوێ ئاورە و ئاور خۆی گەرم ئەکاتەوە

تاوێک پشتی بە ئاورەوە ئەنێت و تاوێک بەری

ناوت کە وەک پیرە پیاوێکی تەزیو ناتوانێ خۆی ڕاســـت بکاتەوە و هەڵبسێتەوە

ناوت کە وەک زەنگی ملی مەڕی مار گەستوو ئەزرینگێتەوە

ڕامین تۆش ناوت بە هەرچی ئەکەن بیکەن جگە لە درەخت
کە کلیشەی ئەکاتەوە و بەری خۆی ئەوەرێنێ

ئازیزم تۆش دیانی پێدا بنێ هەرچێکت کردبێ و نەتکردبێ
بۆم بگێڕەوە ژیـانی نهێنی و تـاریکیش خۆی جۆرێکە لە خەبات
بە مورڵێکی بەرزەوە دیانی پێدا بنێ
ئەوەی کەس نەتبینێ و نەتنـاســـێ و بیرت پێ نەکـاتەوە جۆرێکە لە خەبات
هیدایەت من ئەو بەشـــانەتم خۆش ئەوێ کە نهێنی بوویت و نەتم ناسیبوو
ئەم ڕۆژانە وەک هـاوڕێیەک لەگەڵ خۆمدا ئەجووڵێمەوە و ڕێز بۆ بەرامبەرەکەم دائەنێم
هاوڕێیەک کە چی نسکۆیە تیایا سروود بووە

کام وشـــــه چاوگی خۆی بیرماوه و کام جەماوەر بوو زمانی زۆر سوواندووه

کام شاعیره جەواڵی ئەم زمانەی دڕاندووه

تۆ چۆن شـۆڕشـت بیرمابوو هیدایەت لەم تاریک و لێڵەی ترسەدا

نەترسای لەم بناوانی مەرگه بتەقیٚ

ئەی تۆ چۆن عەشقت بیرمابوو ئازیزم

تۆ له کوێوه هاتیەوه با هیدایەتیش لەویاوه بێتەوه

ڕامین تۆ جارێکی تر بمره و ســـەرەتای ئەم شـــێعرەم بیرخەوه

من له تەرمی شــێواوی مێژوو ئەترســـم و زەمـانیش نایناسێتەوه

من له تەرمی شــێواوی گەڵاڕێزان ئەترســـم و وێنەش نایناسێتەوه

تۆ لە سەرەتای ئەم دێڕە دابنیشە و ئەو سەری نووسراوی

ئەم شێعرە ئەخوێنیتەوە بیخوێنەوە و ئەم سەری ئەڕوانی

بڕوانە

تۆ و هەرکـامەتـان قەبری خۆتـانم بۆ دیـاری کەن لەم

نامۆییی گۆڕستانەدا

من ساڵەهاس گۆڕی باوکی خۆمم گووم کردووە و هەموو

مردوو و قەبرێک باوکمە

لەم گۆڕستانە ڕامین کە ئێمەش جەستە و ژیانی خۆمانمان

گووم کردووە

تۆ بە چیا وێنە و ئێسـک و پرووسـکی خۆت ئەناسـیتەوە

لەم حەشرەدا

بە چیا کە ژیان قۆرتێک لە خۆی ناخات و ئەگەر توانیت

وەرە موویەک لەناو مشتی بیرەوەری هەڵکەنە

لەناو مشتی وشە

ئازیزم تۆ چیت هەس کە تەنیا خیانەتە زیندوو ئەمێنێتەوە

و نەمرە

تۆ چیت لا زیندوو ئەمێنێتەوە جگە لە وشـــــە، وشـــــە کە

گیرفانی شاعیرانە

هەموو شتێ تەواو ئەبێ جگە لە وشە

وشە جەنگە و تەواو نابێ

نان خوێنە و ئەڕژێ

هەموو شتێ تەواو ئەبێ و کاتیش تەنیا پڵاو خۆرێکە

ئازیزم وا ڕەزبەر تەواو بوو

چۆن گەڵاڕێزانی پار بناسینەوە کە خۆی لەو هەموو وەرز

و مانگەدا حەشاردا

سەرماوەز داڵدەی کام هەناسە و کام بەرد و کام دروشمی

دا

گەڵاڕێزان بڕیارێکی کوت و پڕ و شەقامێکی بێخەوشە

کە هێشتا ترسی لە ناوی خۆی هەیە

ترسی لە جلوبەرگ و کەوش و کۆتی خۆی هەیە

ئەترسـێ بیناسـنەوە، گەر سـەرماوەز وەک ژنێکی خان و

مـان بە دیـار نەکەوتـایە و منـاڵ و مەرزم و هەتیوەکـانی

گەلاڕێزانی وەک مناڵی خۆی بەخێو نەکردبایە

ئێستا زەمان بە هەزار چرکە و سەدان سەعات و چەندین

ڕۆژی خۆیی لێ بزر بووبوو

پێناســـەی ڕاســـتەقینەت چی بوو، کام تارمایی بوویت و

سەرەتای ئەم گێژەڵووکەت لە کوێ نیشتەوە

ســـــاڵ تێپەڕ بووە و با عەداڵەت بێت و بڕیاری خۆیت لە

سەر بدات

با ڕاستی و ئیدعا بێن

تۆ چی بووی کە هەموو شتێک لە ئاستا دەستەوەستان و

سەرلێشێواو بوون

چۆنت سەر هەڵدا

کام برســـێتی و کام ئێوارەی بێتاقەتت شـــوێنی بۆ ئەمە خۆش کردبوو

ئازیزم من و تۆ چۆن یەک بناسینەوە

هەمان ئەو دوو کەســـەی پارین، هەر بەو ناوانەوە بانگی یەک بکەین

تۆش لەو کەســانەی کە گۆشــەی پەردەی پەنجەرەکانیانۆ تەلەویـزیـۆن و هەواڵەکــانـیــان لا ئەدا و چـکـۆلەتـریـن ڕووداوەکانی ناو شـــەقامیان بە بنەماڵەکەیان ئەوت، یا لە باڵکۆنیماڵەکانیانەوە فیلمی ئەو ساتانەیان ئەگرت

لەو ساتەدا من کێ بووم کە نە ڕابردوو و نە داهاتوویەکم هەبوو

لە ناو چرکەی کام زەمەنەوە هاتبوومە دەر

من کێ بووم چۆن خۆم بناســـمەوە، دڵنیایی کەی وەها بڕیارێک ئەدات

من کێ بووم کە نە هاوڕێیەکم هەبوو نە بنەماڵەیەک

چۆن بوو کە جارێک حەقیقەت قووتی دام و هەڵیهێنامەوە

کە جارێک ئیرادە باڵی پێ گرتمەوە و جارێکیش ترس

شاردمیەوە

من کێ بووم وەختێ خۆم نـانـاسـمەوە چۆن بزانم

پاڵدەسەکانم کێ بوون

نەسڵێکی نەناسراو کە سەرەتا بێ دروشم و بێ تەگبیر

بانکەکانمان سووتاند

بی دروشم بەڕێ کەوتین، بێ هۆکار

ئێمە کێ بووین چۆن یەک بناسینەوە و یەک بگرینەوە

کە چاومان لە چاوی یەک نە ئەکرد تا بڕوا لە نێوانی یەکا

دروست کەین

جگە لە شۆڕش چ شتێکی تر ئەوەندە بە دەست و بردە

داهاتوو چۆن ئەتوانێ ژیانی ئێمە پشتڕاست کاتەوە

چۆن بوو کە ئێمە هەر کامەمان بووینە ڕێبەری خۆمان و

پارێزەر و شۆڕشگێڕی خۆمان

چۆنە کە هاوڕێکانم سەربەستی ئەبەنە ژێر پرسیارەوە و مەرگ چەقی ڕووداوەکانە و سیاسەت لە سەرەخۆ بڕیار ئەدات و هەڵوێست پەلە ناکات و قسەی دۆخی ئارام کامەیە. قسەی دۆخی ئارم کامەیە و زمان ئەبێتە هەڕەشە و ئەبێتە دروشم و ئەبێتە گێڕانەوە و ئەبێتە سەرکوت، سەرکوتی خوێن لێ پژاو و دواتر ئێواران هەنگاوی پیاسە هەڵئەگرێتەوە و خوێن ئەبێتە وڵامێکی کەڕ و گۆران شان و مل ڕووت بە گوللەی گەڵاڕێزانەوە ئەبێت و پاییزی وێڵ کەسێکە بنەماڵەکەی سەرکۆنەی ئەکات و دەور و بەر و تەواوی چین و توێژەکان، بگرە تەنانەت ئەو وەرزانەش کە وەک خوێن بە هەڵە و تاونباری ئەزانن

پاییز وەرزێکە لە کاتی قسەی ئێوەدا بێدەنگ ئەبێت و هەموو کەسێ تێبینیی خۆی هەیە لە سەری، وەرزێکە چاو سوور لە کردە پەشیمان و ناهومێ، نازانێ قسە لە ڕۆژەکانی خۆی دابڕێ یا نە، هاوڕێی هەڵوێست و

متمانەکانی خۆی بمێنێتەوە یا نە،  وابوو پاییز کەوتە بەر چاودێری وەرزەکانی ترەوە و ساڵ لە پێگەی باوکا بەدیار کەوتوو و وەرز وەک هاوڕێی کۆن گەڕایەوە و سـەرکوت لە دووتوێی ئامۆژگاری و نان و شـــەراب و دانیشـــتن و عەشق و کردە و نەکردە نهێنییەکانی، لە پرسیار و وڵام و ڕوانین و هەموو شتێکدا خۆی حەشاردا و بێ تەقە هەموو شـــتێکی گرت و دایمرکاندەوە. چ ئامانجێکی نەرمە بڕ و جەرگە بڕی خستە جێگا و بەردەستمان

پاییز ئەوساڵ بێ پسکە و بێ روانین و ئاوڕ و سڵاو خۆی بە ژوور و ماڵ و هەموو شوێن و جێگاکانی ئێمەدا ئەکات و وەک پێشمەرگەیەکی تەسلیمی ئەگەڕێتەوە و هەوڵەدات ژیانی ئاسـایی دەسـت پێ بکاتەوە، ترس لەوەی کە تانەی ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی خۆی لێ نەدەن، سەرکز و کەم ئەندام، خۆی لە چاوی سـیاسـەت و هەواڵ و بگرە قسـەی سەرشەقام و لە لاوازترین کەسەکانی ناو دەسەڵات خۆی

ئەشـــاریتەوە، پاییز ئەزانێت کە دەســـەڵات خۆی بە یەک یەکی ڕۆژەکانیا و بە لق و پۆپ و دەســت و قاچی خەڵکی عامیدا خۆی شــۆڕ ئەکاتەوە بگرە تا نێو هاوڕێ و بنەماڵە و شـێعرەکانی خۆمان، بە نێو کۆڵان و گەڕەک و شـەقامدا و لە هەموو جلوبەرگ و قەڵافەتێکدا دەرئەکەوێ، ئەزانێت کە بە بەرگی هەموو وەرزێکەوە دەرئەکەویت تەنانەت بە جل و بای پاییز خۆیشیەوە، ئەترسێ و ئەڵێت کێ ناڵێ کە زســتان ڕابردووی دۆڕاوی خۆی نییە و هاوین داهاتووی ترساوی خۆی نییە.

شـــێعر کەی ئەبێتە چەقی ڕووداوێکی تۆ و ئاوەڵێک بۆ محەمەدی نەزەری

ترس تەرمێک بوو نهێنی و تاریکە ســـەلات و کشـــومات قەبری بوو

تووڕ درایە نێو بەنداو و زبڵدانەکانەوە

گشـتی هەسـتی ئەکرد چی قەوماوە و چۆن مردووە بەڵام

مەرگ تەرمێـک بوو تـاپۆ و بوومەلێـڵ و تـارمـایی

ئەیشاردەوە

بێدەنگی ئەیشاردەوە

پاییز وەرزێکە هێشتا فیشەک لە ڕۆژە کوڵەکانیایە و خوێن

بەس بەسەر مانگەکانیەوەیە و

هەرکەسە و بۆچوونێکی دوورە لێی

ئازیزم مرۆڤ سـەرەڕای تەواوی ڕوانگە جیاوازەکانی بە

نهێنی لەسـەر بڕیارێکی نزم و نەوی یەک دەنگن، بەبێ

ئەوەی پێشـتر لە سـەری ڕێکەوتبێتن بە بیری یەکدی

بێننەوە

وایە کە هەمیشـە خۆت بە هەڵە ئەزانی و کەوتوویتەتە

داوەوە

ژیان کە هەر تاوە و بە ناو کەسـایەتی و هەسـت و

حاڵەتێکەوە خۆی دەرئەخات و

دواتر شوناسی ڕاستەقینەیت بۆ دەرئەکەوێ و

کاتێک ئەزانی سرِی بەخت و ئاواتت هەڵئەماڵێ

ژیان کە لە بەسـەرهات و ڕووداوەکان دوورمان ئەخاتەوە وەک ئەوەی لە ئازیزان و خۆشەویستانی خۆمان دابڕێین، بێتـاقەتی ئەبین و ئەزانین لە شـــتێکی گرنـگ دوور کەوتووینەتەوە، ئێمەش وەک حەقێقەت لە ڕێگەی خۆمـان لا ئەدەین و دان بە تاوانێکا ئەنێین کە نەمانکردووە، وەک ئەو کەســـانەی کە لەنێو حەکایەتەکانی باوکما ڕێی هەڵە ئەکرد و ژیانی دووهۆ لە خۆیدا ونی ئەکرد

شـــایەت وەهـا کە ســـاڵ گەڕایەوە جێگەی خۆی و لە شوێنێکی وەک ئەمڕۆدا پاڵ کەوتەوە

وەها کە تۆ هاتیتەوە و لە کاولاشی جەستەی منا بۆ خۆت گەڕایتەوە

شایەت وەهاش حەقیقەت بگەڕێتەوە

حەقیقەت کە وەک شـــێتێک بێ ســـەر و شـــوێن و نادیار

نارِوونی کام نامۆیی گرتۆتەبەر

وەک شێتێک چیتر ناتوانێ ئاوەڵ و خزم و کەس و شار و

گوندی خۆی بناسێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ لای، ئەڕوات شان

داچەکیو، بە ترســـەوە ســـڵاوە لە ڕاســـت و درۆی خۆی و

ورد و دورشت و خاس و خراوی نامۆیی ئەکات

ئازیزم پاییز وەها بە ترســـــەوە لە داهات و پاشـــــەکەوتی

خۆی ئەڕوانێ و

دەســـــت پێوەگر و ســـــەلارە ڕووبەڕووی زســـــتانی حەفیا

ئەبێتەوە

پاییز بە داهاتوویەکی نارِوونەوە ڕۆژەکانی خۆی ئەدوێنێ

و دوای بـاران مـاچیـان ئەکـات و هەڵیـان ئەخـاتەوە و

ئەیانگرێتەوە

شـــادییەک کە پڕاوپڕ نابێتە شـــادی و تەواوەتیماڵەکە و

ساڵەکەی بۆ پڕ ناکرێتەوە

قاقایەک کە بە دڵی خۆی ناتەقێتەوە و

حەقیقەتێک بە دڵی خۆی حەقیقەت نەبێ

وەک ئەو سێبەرەی کە کەوتۆتە نێوانی من و تۆ

چۆن کەین کە زستان وەک پیاوێکی نەمرچ و مان کردوو

چکۆلەترین هەڵەکانی من و تۆ گەورە ئەکاتەوە و

نایبەخشێت

چ بیانوویەکماندایە دەستی ترسەوە و

چۆن پاساومان کردە هاوڕێی هەڵە

چۆن سیاسەت مشتێ وشەی هەڵڕشت بۆ شاعیران و

ئەوانیش زمانیان پێوە خەجەڵ کرد و نەیانپرسی و

چینەیان کرد لەو شتانەی لە دەستیان داوە

چۆن بەرپرسیارێتییان لە عەیب ئەترسێ و لێی تەرێق

ئەبێتەوە و قیزی ئەشێوێتەوە

ئازیزم کوا سەرەتای ئەم شێعرە تا کۆتاییەکم بۆی

هەبێت

کوا سەرەتای ئەم ژیانە کە ئەبەدیەتێک لە سەرەتایا

مردووە

من زمانی خۆم لە کام دێر و شێعر و ڕووداوە  گووم کرد

تۆ بۆم ببینەوە

ویستم دەنگم وەک مەقامی کوردی بەرز بێت و

هەر وشەیەکم نیوەی گریان بێت

کام فکر و فەلسەفە و شێعر و ڕێگا و ئارمان وەسوەسەی

تۆ نایگرێت

من هەتا ئەم شێعرەم بە مەرگ نەسپێرم و نەیکوژم

دڵی غەدرم ئاو ناخواتەوە

من تا جارێکی تر ئەم حەقیقەت و مردووانە نەمرێنم

ناگەڕێمەوە

تا جارێکی تر عارق بە سێبەر و

مانووی بە خەو و وشە بە شێعر و ئەمشەویش بە هەتاو

نەسپێرم

# هیچ کۆتاییەکم نە بۆ تۆ و شێعر و مەرگ و ژیان هەیە